# گرنگیدانی زانایانی شاری سلێمانی بە فەرموودە: شێخ محەمەدی خاڵ بە نمونە

**پ. ی. د. ئاسۆ رضا احمد**
Aso.ahmed@univsul.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە بە زمانی کوردی**
ئەم توێژینەوەیە تیشک ئەخاتە سەر لایەنێکی زانستی شیخی خاڵ، ئەویش بایەخدانی بە فەرموودەکانی پێغەمبەر درووودی خوای لە سەر لە نوسراوەکانیدا وەک بەڵگەهێنانەوە یان لێکدانەوە بۆ ئایەتەکانی قورئان یان هەر مەبەستێکی تر.
ڕەواندنەوەی گومانی هەندێک کە پێیان وایە زانایانی کورد وەک پێویست بایەخیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** نەداوە بە بەراورد بە زانستەکانی تری وەک: فقه وتفسير ولغة.

**پێشەکی**
ئەم پێشەکییە چەند خاڵێک لە خۆی دەگرێت:
**١. گرنگی بابەتەکە:** ئاشکرایە کە زانایانی کورد خزمەتێکی بەرچاویان بە کۆمەڵگەی کوردی کردووە لە ڕێگەی وتار یان نوسراو یان وانە وتنەوە و پێگەیاندنی خوێندکارانیان. تیشک خستنە سەر هەوڵەکانیان خزمەتێکی گەورەیە بە مێژووی زانایانی کورد. شێخ محەمەدی خاڵیش یەکێک بووە لەو زانایانەی کە جێدەستی دیارە لە بوارەکانی تەفسیر و فەرهەنگ و مێژوو، وە کۆمەڵایەتی...
٢. **توێژینەوەکانی پێشتر لەو بارەیەوە:** لە سەر ژیان و هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ نوسین و توێژینەوە زۆرن، بەڵام ئەو لایەنەی کە کەمتر باسی لێکراوە، بایەخدانیەتی بە فەرموودەکانی پێغەمبەر درووودی خوای لە سەر لە نوسینەکانیدا.
لە بەر ئەوە بە باشمان زانی کە تیشک بخەینە سەر ئەو لایەنەی.
**٣. ئامانجی توێژینەوەکە:** هەوڵێکە بۆ نرخاندنی هەوڵ و ماندووبوونی زانایانی کورد بە گشتی و شێخ محەمەدی خاڵ بە تایبەتی لە بواری بایەخدان بە فەموودە و زانستی فەرموودەدا.
**٤. میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی دەرهێنان( المنهج الاستقرائي) بۆ گەڕان بە دوای ئەو داتایانەی کە بۆ ئامانجی توێژینەوەکە لە دەرخستنی هەوڵەکانی شێخی خاڵ پێویستن.
٤. **پلانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ باس پێک دێت:
باسی یەکەم- گرنگیدان بە فەرموودە لای زانایانی شاری سلێمانی.
باسی دووەم- ڕێز و تەقدیری شێخ محەمەدی خاڵ بۆ کەسایەتی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم.**
باسی سێیەم- گرنگیدانی شێخ محەمەدی خاڵ بە فەرموودە لە دانراوەکانی دا.
لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و پاشان لیستی سەرچاوەکان.

## باسی یەکەم: گرنگیدان بە فەرموودە لای زانایانی شاری سلێمانی

### یەکەم- لە سەردەمی بابانییەکاندا

میرەکانی بابان بە خۆشەویستیان بۆ زانست و زانیاری ناسراوبوون و بایەخی تەواویان بە دروستکردنی شوێنی زانست و ڕێزگرتن لە زانایان دابوو.( السليمانية من نواحيها المختلفة، جمال بابان، مجلة المجمع العلمي الكردي، 8/407-410.)

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر زانستی فەرمووده لەو سەردەمەدا، ڕۆڵی زانایانی ئەو سەردەمەیە لە خزمەتکردن بەو زانستە:

1. عەلامە محەمەد بن الحاج حەسەنی هەزارمێردی کە لە ساڵی 1775ز وەفاتی کردووە، لە گەڵ سەرقاڵبوونی بە وانەوتنەوە و دروستکردنی مزگەوتەوە، کتێبێکی لە ژیاننامەی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** داناوە بە ناوی: رفع الخفا بشرح سيرة المصطفى.

2. شێخ عبدالله ی خەرپانی کە لە ساڵی 1254 ك وەفاتی کردووە، حاشیەیەکی نوسیوە لەسەر کتێبی فتح المبين في شرح الأربعين.( الشيخ عبدالله الخرباني من خلال مخطوطات مكتبته، محمد علي القرداغي، مجلة كوري زانياري كورد، الجزء الثاني، القسم الثاني/ 239 وما بعدها، 1974م.)

3. مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە لەساڵی 1828 ز وەفاتی کردووە، فەرموودەناسی عێراقی النور علي السويدي البغدادی ویستی تاقیبکاتەوە، ئیسنادی ٣٠ فەرموودەی لە شەش کتێبەکە هەڵگێڕایەوە، مەولاناش فەرموودەکانی بۆ سەنەدەکانی خۆی گێڕایەوە. کە ئەمەش بەڵگەی شارەزابوونی تەواویەتی لە زانستی فەرموودەدا.( ينظر: المجد التالد، لابراهيم فصيح الحيدري، نقلا عن: مولانا خالد النقشبندي العالم المجدد حياته ومؤلفاته، جمع وتحقيق: نزار أباظة، ص18.)

4. عەلامە أحمد فائز البرزنجي: لە زانستە شەرعیەکاندا دانراوی زۆرە، و کتێبی كنز اللسنيشى داناوە کە ١١ زانست لە خۆ ئەگرێت و زانستی فەرموودە یەکێکی لەو زانستانە. (ینظر: علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبدالكريم المدرس، ص:84، ومقدمة كتابه: كنز اللسن المكنوز فيه ستة ألسن وإثنا عشر فنا، بتحقيق الشيخ محمد خال، ص: 3-4.)

هەروەها کەسانی تری وەك شێخ مارفی نۆدێ و کاك ئەحمەدی شێخیش لە بواری فەرموودەدا خزمەتیان هەبووە.

**دووەم- دوای سەردەمی بابانیەکان**

زانایانی شاری سلێمانی بەردەوام خزمەتی بەرچاویان هەبوە بە زانستە شەرعیەکان، بە تایبەت زانستەکانی فەرموودە، چ بە وتنەوەی بێت، یان نوسینەوەی. لێرەدا ئاماژە بە چەند ناوێك دەکەین:

1. ملا عبدالله بن عبدالرحيم الجروستاني: لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایکبوە و لە ساڵی 1988 وەفاتی کردوە.

لە ڕۆژانی ٣ شەمە و هەینی هەموو ڕۆژێک وانەی هەبوە و زانستەکانی وەک فیقە و تەفسیر و فەرموودەی وتوەتەوە.) ( چەند وانەیەك لە زانستەکانی فەرموودەناسی، ترجمة وشرح: عبدالله ملا أحمد، ص: 26.)

کتێبێکی لە زانستی فەرمووده هەیە بە ناوی: ( محاضرات في علم أصول الحديث) کە چەند جارێک چاپ کراوە. وە کتێبی: سفينة الباحثين في معرفة الفقهاء والمحدثين، کە پوختەی کتێبی الطبقات الكبرى للسبكي. هەروەها حاشیەی لە سەر منهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج.

٢. مەلا محەمەد قزلجي: أبو الحسن محمد بن حسين بن محمد بن علي القزلجي، لە ساڵی 1313هـ/1895م لە دایکبوە لە ساڵی 1959 کۆچی دوایی کردوە. لە زانستی فەرموودەدا ڕاڤەی (چل فەرموودەی پیغەمبەر **صلى الله عليه وسلم**) ی کردوە کە لە چاپخانەی النجاح لە شاری بەغدا چاپکراوە. کە بریتیە لە هەڵبژاردە لە الكتب الستة ومسند أحمد والأدب المفرد والتأريخ للبخاري، ومعجم الطبراني، وەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردوە. (يونس الشيخ إبراهيم السامرائي، ص: 571، وملا طاهير البحركي، 100/3.)

٣. عەلامە ملا رشيد بك بابان: لە ساڵی 1287ی کۆچی لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٢ وەفاتی کردوە. گرنگترین دانراوی کتێبی: اقتران النيرين في مجمع البحرين في شرح الصحيحين.( مقدمة الشيخ محمد علي القرداغي لكتاب: اقتران النيرين في مجمع البحرين، من ص: 12 فما بعدها.) لە سەرەتادا بنەماکانی زانستی فەرموودە باس دەکات و پاشان بە شێوەیەکی ساکار فەرموودەکانی بوخاری و موسلیم شی دەکاتەوە.

## باسی دووەم: ڕێز وتەقدیری شێخ محەمەدی خاڵ بۆ کەسایەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

خۆشەویستی پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** و دەربڕینی ئەو خۆشەویستیە لە باوەڕەوەیە، وبێ ئەو خۆشەویستییە موسڵمان باوەڕەکەی تەواو نابێت. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین شێخی خاڵ خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** دەردەبڕێت، لە چەند خاڵێکدا ئەو خۆشەویستیە دەر دەکەوێت:

**یەکەم- پێشکەشکردنی تەفسیرەکەی بە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم**

لە سەرەتای تەفسیرەکەیەوە دەڵێ: (پێشکەش بێت بە یەکەم: بە گیانی پاکي پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ کە ئەم قورئانە پیرۆزەی بۆ هێناین کە نەخشەی هەموو جیهانە، وە تاقانە ڕێگایەکە بۆ

گەشتنی ئادەمیی بە چڵەپۆپەی ژیان لە هەردوو جیهاندا.)(شێخ محەمەدي خاڵ، 1/ 3) شاکاری داهێنان بە پێنوسی ئەدیب و لێکۆڵەر و موفەسیری گەورەی کورد جەنابی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ گۆڕی پڕ نوربێت.

ئەوەندەی ئاگادار بم یەکەم کەسە بە هەستیکی ئەدیبانە و پڕ لە ئیخلاسەوە ئەو شعورە جوانەی بەرجەستەکردبێت لە پێشکەشکردنی کتێبی تەفسیرەکەی بە گیانی پێغەمبەری خودا **صلى الله علیه وسلم** و بە میللەتەکەی خۆی، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا.

**دووەم- دانانی مەولودنامەی نەوئەسەر.** دانانی کتێب لە ستایشی پێغەمبەری خودا **صلى الله علیه وسلم** و باسکردنی ژیاننامەکەی لە ناو زانایانی کوردزماندا نەریت بوە. شێخی خاڵیش ئەو نەریتەی پەیڕەو کردوە. ئامانجی لە دانانی ئەم مەولوودنامەیەدا (شێخ ویستویەتی بۆنەکانی لەدایکبوونی پێغەمبەری خودا **صلى الله علیه وسلم** لەو وتارە خورافی و دوور لە واقیعانە ڕزگار بکات کە سەردەمانێك ئاراستەی خەڵکی کوردستان ئەکرا.)( د. ئاراس محمد صالح، چاوپێکەتن لە گەڵ د. صباح بەرزنجی: لا 181)

**باسی سێیەم: گرنگیدانی شێخ محەمەدی خاڵ بە فەرمووده لە دانراوەکانی دا**

**یەکەم- لە تەفسیرەکەیدا**

**دووهەم- لە نوسراوەکانی تریدا**

**سێیەم- گرنگیدانی بە کتێبەکانی فەرموودە لە کتێبخانەکەیدا**

**یەکەم- لە تەفسیرەکەیدا**

بە سەرنجدان لە دانراوەکانیەوە هەڵوێستی ڕوونی شێخی خاڵمان بۆ دەردەکەوێت کە باوەڕهێنانە بە فەرموودە وەک سەرچاوەی دووەمی شەریعەت.

بۆ نموونە: لە تەفسیری ئایەتی ٧ لە سورەتی حەشردا دەڵێت: **(وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا...** نیشان ئەدا لە سەرچاوەی شەریعەت هەر ئەوەیە کە پێغەمبەر **صلى الله علیه وسلم** بیهێنێ لە خواوە، ئینجا بە ئایەتی قورئان بێ یا بە فەرموودەی خۆی بێ.)(خاڵ: ٢٨: ٣١).

هەروەها وەک دەبینین لە تەفسیرەکەی بە تایبەت و لە دانراوەکانی تریشیدا زۆر بایەخ بە فەرموودە ئەدات چ بۆ تەفسیرکردنی ئایەتێک بێت یان بۆ بەڵگە هێنانەوە.

ئەوەش جۆرێکی سەرەکیی تەفسیرە کە بریتیە لە: تەفسیرکردنی قورئان بە فەرموودە، شێخی خاڵیش ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووەو بایەخی پێداوە بە گوێرەی توانا.

لە بەر ئەوەیە کە لە تەفسیرەکەیدا ژمارەیەکی زۆر فەرموودە بەرچاو دەکەوێت کە بەکاری هێناون بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئایەتەکان. هەر چەندە لە هەندێک جوزءدا کەمتر فەرموودە دەهێنێتەوە وەک جوزئی ٢٧ بەراورد بە جوزئي 28.

بە شێوەیەکی گشتی لە ٢٨ شوێنی تەفسیرەکەی فەرموودەی هێناوەتەوە.(بڕوانە: عمر علی محەمەد: ٨٥)

بە لێکۆڵینەوەی تەفسیرەکەی هەندێك سەرنجم لادروستبوو دەربارەی بوونی فەرموودە لە تەفسیری خاڵدا:

١. بەکارهێنانی وشەی فەرموودە بۆ قورئان، هەرچەندە ئەو وشەیە زیاتر بۆ فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خودا **صلى الله علیه وسلم** بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە: لە تەفسیری ئایەتی ٦ لە سورەتی حەشردا دەڵێت: ( ئەم فەرموودەی: **[كي لا يكون دولة بين الأغنياء منكم]**، مەبەستێکی زۆر بەرز و گەورە و گرنگی تیایە.)( خاڵ: ٢٩/٢٨)

ئەوەش بابەتێکە بواری ڕاجیایی تیایە.

٢. گەڕانەوە بۆ فەرموودە لە کتێبەکانی تەفسیر بە تایبەت **في ظلال القرآن سيد قطب و تفسير القرآن العظيم ابن کەثیر**، نەک سەرچاوە سەرەکیەکانی فەرموودە، بۆ نموونە لە پێشەکی تەفسیری سورەتی تەڵاقدا دەڵێت: (سید قطب ئەفەرموێت: لە چەند فەرموودەیەکی تری پێغەمبەرەوە دەرئەکەوێ کە وێنەیەکی تر هەیە بۆ دروستێتی تەڵاق کە ئەویش سکپڕی ژنەکەیە، بە جۆرێک کە ئاشکرا بووبێ.)(خاڵ: ٢٨/99)

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی ١ لە هەمان سورەت دەڵێت: (وا دەردەکەوێ وەک سید قطب ئەفەرموێت: پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ لە گەڵ قەدەغەکردنی ماریەدا سوێندیشی لە سەر خواردبێ.)(خاڵ: ١١٥/٢٨)

دەبوو بۆ سەرچاوە سەرەکیەکە بگەڕایەتەوە.

3. زۆر جار هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان باس ئەکات، کە گرنگی خۆی هەیە لە تێگەشتنی ئایەتەکان. ئەو خاڵەش لە تەفسیرەکەیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت.

بۆ نموونە: لە سەرەتای سورەتی الضحی باسی هۆکاری دابەزینەکەی دەکات کە: (پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** ماوەی دوو ساڵ سروشی-وەحی- بۆ نەهات، وەوای زانی کە خودا دەستی لێ هەڵگرتووە، لە پاشا خوا ویستی ئەو چاوەڕوانیەی لابەرێ، وە سروشتێکی بۆ بنێرێ.)(خاڵ: 129/30)

٤. کەمتر بایەخی داوە بە سەنەدی فەرموودەکە: سەنەدی فەرمووودە واتە ڕشتەی ئەو کەسانەی کە فەرموودەکە دەگێڕنەوە.(علي القاري، ص: 18)

لە کتێبەکانی فەرمووودە بایەخ دراوە بە باسکردنی سەنەد، بەڵام لە کتێبەکانی تری وەک تەفسیر یان فیقە یان زمان کەمتر سەنەد باسکراوە. شێخی خاڵیش کە فەرموودەکانی هێناوە سەنەدی لەگەڵدا باس نەکردووە.

باشتر بوو کە بایەخی بە سەنەدی فەرمووودە بدایە، بەڵام دیارە پاساوەکەی ئەوەیە کە تەفسیرەکە کورت و پوختە. (بڕوانە: عمر علی محەمەد: ٨٦)

بۆ نموونە: (پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** هەرچەند بە شەو چوبێتە سەر جێگا بۆ نوستن، سورەتی **قل هو الله** و هەردوو **قل أعوذ**ی خوێندووە، وە فووی کردووە بە ناو هەردوو دەستیا، وە دەستی هێناوە بە سەر سەر و دەم و چاوو هەر چی دەستی گەیشتبێتێ لە لەشی.)( خاڵ: 30/ ٢١٧)

٥. لە هەندێک شوێندا بە دەربڕینی لاواز (صيغة التمريض) فەرمووودەکە باس دەکات، وەک: (ئەگێڕنەوە بێ ناوهێنانی ڕاوی فەرمووودەکە) کە ئەم شێوازە بۆ فەرمووودەی لاواز بەکار دێت.(ابن الصلاح، 103-104)

بۆ نموونە لە تەفسیری ئایەتی ٣٧ ی سورەتی الواقعة دا دەڵێت: (**ئەگێڕنەوە کە پیرەژنێک ئەچێتە خزمەت پێغەمبەر** صلى الله عليه وسلم **ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا نزام بۆ بکە کە خوا بمباتە بەهەشت، پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم ئەیەوێ گاڵتەیەکی لە گەڵ بکات، ئەفەرموێ: داپیرە پیرێژن ناچێتە بەهەشت، بەڵکو هەموو جوان ئەبنەوەو بە کچی ئەچنە بەهەشت.**)(خاڵ: ٢٧-١٨٠)

6. زۆر جار مانای فەرموودەکان دەهێنێت نەک دەقی فەرموودەکان کە پێی دەوترێت: الرواية بالمعنى. زانایانی فەرمووودە ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی حوکمی ئەم گێڕانەوەیە، ڕای دروستی ئەوەیە کە دروستە.( السيوطي، 299-302)

٧. بە گشتی باسی سەرچاوە دەکات، بێ ناوهێنانی سەرچاوەکە، وەک دەستەواژەی زانایانی ئیسلام دەڵێن، یان تەفسیرنووسەکان دەڵێن.

وەک نموونە: لە تەفسیری ئایەتی ٣٣ی سورەتی قلم دەڵێت:( تەفسیرنووسەکان ئەڵێن: وەلیدی کوڕی موغیرە کە ئەم ئایەتانەی دەرحەق هاتوونەتە خوارەوە، زۆر دەوڵەمەند و دەسدار بووە.)(شێخ محەمەدی خاڵ ٢٩: ٦٤.)

٨. لە تەفسیرەکەیدا زۆر بەرەنگاری خورافەو ئیسرائیلیات و ڕیوایاتی هەڵبەستراو ئەبێتەوە کە بەڵگەی شارەزابونیەتی لە زانستە ئیسلامیەکان و بەهۆی کاریگەربیوونیشیەوە بە قوتابخانەی جەمالەدینی ئەفغانی ومحەمەد عەبدە.

بۆ نموونە: لە تەفسیری ئایەتی ١٩ لە سورەتی قمردا دەڵێت: (ئەمەی کە ئەوترێ: فلان ڕۆژ شومە و فلان ڕۆژ پیرۆزە، و لەم ڕووەوە هێندێ شت ئەگێڕنەوە لە دەم پێغەمبەرەوە **صلى الله عليه وسلم**، هەمووی درۆن و هیچ بایەخێکیان نییە.)( شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٧: ١١٢)

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (مارەکردنی یەعقوب بۆ دایکی یوسف و بنیامین لە ئیسرائیلیاتە.)( شێخ محەمەدی خاڵ ٢٧: ١٢٨)

**دووهەم- لە نوسراوەکانی تریدا**

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها کتێبی ناڵەی دەروون وەک نموونەی بەڵگەی بایەخدانی شێخە بە فەرموودە وەردەگرین، تا توێژینەوەکە درێژە نەکێشێت.

**وەسفی کتێبەکە**: کۆمەڵێک وتاری وێژەیی و مێژوویی و ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتییە، کە بۆچوونەکانی بە زمانێکی سادە و ڕەوان دەردەبڕێت.

بە تێڕوانیمان بۆ کتێبەکە، ئەم خاڵانەمان لا گەڵاڵە بوو:

1. لە باسی دادگەری کۆمەڵایەتی و نێوانی هەژار و دەوڵەمەنددا دەڵێت: (نیوەی فەرمووودەی خوا و پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** بۆ نزیککردنەوەی ئەم چینانەیە لە یەکتر، بەم ڕەنگە دەوڵەمەند چەند پلەیەک بێتە خوارەوە ڕوە و هەژار و هەژاریش چەند پلەیەک سەرکەوێ ڕووەو دەوڵەمەند، تا لە یەک نزیک ئەبنەوە.)( شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: ٤٣)

دیارە چەندین فەرموودەمان هەیە کە باسی دەسگرۆیی هەژاران دەکات.
٢. لە باسی خۆشەویستی نیشتیماندا فەرموودەی (**حب الوطن من الإيمان**) وەک بەڵگە دەهێنێتەوە.
زانایانی فەرموودە ئەم ڕیوایەتە بە هەڵبەستراو دادەنێن، هەر چەندە ماناکەی دروستە. (بڕوانە: الهروي القاري، لا: 180)
٣. لە باسی مانگ گیراندا ڕووداوی مانگگیرانی سەردەمی پێغەمبەری خودا **صلى الله عليه وسلم** ئەگێڕێتەوە کە چۆن پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** ئەو بۆنەیەی بە هەل زانیوە بۆ ڕاستکردنەوەی بۆچوونیکی هەڵە لای هاوەڵان. (شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: ٥٦-٥٧)
٤. لە باسی وەفای سەگدا ڕیوایەتێکی هەڵبەسراو دەهێنێت کە لە کتێبەکانی فەرموودەدا باس نەکراوە: ( **قتل نفسه وأضاع دينه وعصى ربه وخان أخاه، وكان الكلب خيرا من هذا الغادر**.)( شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: 70)
ڕیوایەتەکەش لە کتێبکی ئەدەبیدا باسکراوە.(ابن المرزبان المحولي: 35)
4. لە گرنگی بانگدا فەرموودەی (**أرحنا بها يا بلال**) دەهێنێتەوە،( شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون:149) کە فەرموودەیەکی سەحیحە.(أبوداود: 7/339، 4986)
5. لە باسی گرنگی نوێژدا فەرموودەیەک بە مانا دەگێڕێتەوە:( **نوێژ جیاکەرەوەی موسوڵمان و ناموسوڵمانە لە یەک.**) لەو بارەوەیە فەرموودەی: (**العهد الذي بيننا وبينهم ترك الصلاة، فمن تركها فقد كفر.**)(الترمذي: 4/ 365)
6. لە وتاری جەژنی دار و درەختدا فەرموودەی: ( **إن قامت الساعة وفي يد أحدكم فسيلة، فإن استطاع أن يغرسها، فليغرسها.**) دەهێنێتەوە بۆ گرنگی بایەخدان بە ژینگە و ژینگەپارێزی. ( شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: ١٨٨) فەرموودەکەش لە گێڕانەوەی پێشەوا بوخارییە.( البخاري، الأدب المفرد: 242)
7. لە وتاری: ساڵی تازەدا بۆ بایەخدان بە ڕێکخستنی ڕیزی ناوخۆیی فەرموودەیەک دەهێنێتەوە: (**رجعنا من الجهاد الأصغر إلى الجهاد الأكبر.**)( شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: ٢٣١.) فەرموودەکە زۆر لە موفەسیرەکان لە تەفسیرەکانیان باسی دەکەن، هەر چەندە بە ئیسنادێکی لاواز هاتووە. دیارە شێخی خاڵیش وەک ئەوان باسی کردووە. (ملا علي قاري: الأسرار المرفوعة، 211 ).
٨. لە باسی زیرەکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەسەرهاتێک دەهێنێتەوە، وەک وتووێژی زانستی نێوان شێخ ڕەزا و یەکێک لە دانیشتوان دەربارەی وشەی (يريب) (**دع ما يريبك إلى ما لا يريبك.**)(شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون: 360). فەرموودەکەش سەحیحە. (الترمذي: 4/ 286).

**سێیەم- گرنگیدانی بە کتێبەکانی فەرموودە لە کتێبخانەکەیدا**

کتێبخانەکەی پێکهاتوە لە 641 دەستنووس لە هەموو جۆرەکانی زانستە شەرعییەکان بە زانستەکانی قورئان و فەرموودە و سیرە وفیقە وئوسول و زمانەواني و.....
لە کتێبەکانی فەرموودە کۆمەڵێکی باشی تێدایە کە بەڵگەی بایەخدان و گرنگیدانیەتی بەو بوارە. کتێبەکانیش بریتین لە:
1. بەشی دووەم لە کتێبی موطأ ي پێشەوا مالیك.
2. کتێبي المصابيح، دانراوي پێشەوا بەغەوی، (2 نوسخە)
3. مشكاة المصابيح حاشية على كتاب المصابيح، دانراوي: شيخ ولي الدين محمدي كوري عبدالله خطيب. بەشی دووەم
4. الشفا في تعريف حقوق المصطفى: قازي عياض.
5. الجامع الصغير: سيوطي.
6. الأربعين: النووي
7. فتح المبين لشرح الأربعين: ابن حجر الهيتمي، لە گەڵ پەراوێزەکانی ابن الحاج لەسەر کتێبەکە.
8. شرح على حديث الإيمان: مولانا خالد النقشبندي.
9. شرح الحكم النبوية: ملا إسماعيل الكردي ناسراو بە ڕەنجور.
10. الحكم النبوية: القضاعي.
11. المنبهات على الاستعداد ليوم المعاد: زين القضاة احمد بن محمد الحجري.
12. نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر: ابن حجر العسقلاني.
13. عقد الدرر نظم نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر: شێخ مارفي نۆدێ. ( 2 نوسخة)
13. شرح زوال الترح في منظومة ابن الفرح الأشبيلي: دانەرەکەی دیار نییە.(هەورامانی: ١٠٨-١١٥)

**دەرئەنجام و ڕاسپاردە**

**یەکەم- دەرئەنجام**

١. زانایانی کورد بایەخێکی تایبەتیان بە فەرموودە داوە و پشتگوێیان نەخستووە.

٢. شێخ محمدی خاڵ زۆر فەرموودەی لە نوسراوەکانیدا بەکارهێناوە، چ لە تەفسیرەکەی بێت یان کتێبەکانی تر.

٣. لە گێڕانەوەی فەرموودەکان زۆر بایەخی بە دیاریکردنی پلەی فەرموودە و تەخریجکردنیانی نەداوە، وەک زۆرێک لە تەفسیرنووسەکان.

**دووەم- ڕاسپاردە**

بایەخی زیاتر بدرێت بە هەوڵ و کۆششی زانایانی کورد لە خزمەتکردنی زانستە ئیسلامییەکان بە تایبەت زانستی فەرموودە، لە ڕێگەی توێژینەوە و گرتنی کۆنفرانس.

**لیستی سەرچاوەکان**


**یەکەم- توێژینەوە**

١. ئاوڕێکی خێرا لە شاکارەکانی شێخ محەمەدی خاڵ: ڕەئوف عوسمان، ڕۆڤار، ژمارە: ٢٩، ٢٥-٤-٢٠٠٤.

٢. ژیاننامەی شێخ محەمەدی خاڵ و بیرەوەری: خالید محەمەد خاڵ، ڕۆڤار، ژمارە: ٢٩، ٢٥-٤-٢٠٠٤، ل: ٢٣-٨

٣. السليمانية من نواحيها المختلفة، جمال بابان، مجلة المجمع العلمي الكردي، الجزء الثامن، 1981م، من مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد.

٤. شاری سلێمانی، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسیە 1918-1932(مدينة السليمانية بين 1981-1932، دراسة تأريخية-سياسية)، ئاکو عبدالكريم شواني، ط2، 2002م، مطبعة زانست، السليمانية.

٥. الشيخ عبدالله الخرباني من خلال مخطوطات مكتبته، محمد علي القرەداغي، مجلة كۆڕی زانياري كورد، الجزء الثاني، القسم الثاني، 1974م، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد.

**دووەم- نامەی ماستەر و دکتۆرا**

١. الشيخ محمد الخال مفسرا، عمر علي محمد بهاء الدين: رسالة ماجستير مقدمة لكلية الشريعة بجامعة صلاح الدين، 2002م.

**سێیەم- کتێب**

١. الأدب المفرد: محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: سمير بن أمين الزهري، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، ط1، 1998م.

2. الأسرار الموضوعة في الأخبار الموضوعة، علي بن سلطان محمد أبو الحسن نورالدين الملا الهروي القاري، تحقيق: محمد الصباغ، دار الأمانة ومؤسسة الرسالة بيروت.

٢. اقتران النيرين في مجمع البحرين، ملا رشيد بك بابان، إعداد وتقديم: محمد علي القرداغي، مطبعة الحيدري، سقز، إيران، ط1.

٣. تأريخ علماء بغداد في القرن الرابع عشر الهجري، يونس الشيخ إبراهيم السامرائي، 1982م، مطبعة وزارة الأوقاف والشؤون الدينية.

٤. تەفسیری خاڵ، جوزئەکانی: ١،٢،٣،٤،٢٧،٢٨،٢٩،٣٠: شێخ محەمەدی خاڵ،

٥. تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، الإمام جلال الدين أبو الفضل عبدالرحمن السيوطي، تحقيق: عرفات العشا حسونة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، 2000م.

٦. الجامع الكبير(سنن الترمذي): أبو عيسى محمد بن عيسى الترمذي، حققه وخرج أحاديثه: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي-بيروت، ط1، 1996م

چل فەرمودەی پێغەمبەر (أربعون حديث للرسول الكريم)، محمد قزلجي، 1935م، مطبعة النجاح، بغداد.

٧. چەند وانەیەك لە زانستەکانی فەرموودەناسی (دروس من علوم الحديث)، ملا عبدالله جروستاني، ترجمة وشرح: عبدالله ملا أحمد، ط1، 2018م، مطبعة جوارجرا، السليمانية، العراق.

٨. شرح علي القاري على شرح نخبة الفكر في مصطلحات أهل الأثر: علي بن سلطان القاري محمد الهروي ت 1014ه، دار الكتب العلمية-بيروت، 1978م.
٩. الشيخ خالد النقشبندي، العالم المجدد، حياته وأهم مؤلفاته، جمع وتحقيق: نزار أباظة، دار الفكر المعاصر، بيروت، ودار الفكر، دمشق، ط1، 1994م.
١٠. علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبدالكريم المدرس، ط1، 1983م، دار الحرية للطباعة، بغداد.
١١. علوم الحديث، ابن الصلاح الشهرزوري، تحقيق: نورالدين عتر، ط3، دار الفكر دمشق، 1984م.
١٢. فهرس مخطوطات الشيخ محمد الخال الكردي في مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية، أ. م. د. عدنان عبدالقادر كامل الهوراماني، مطبعة رينوين، ط1، 2021م.
١٣. كتاب فضل الكلاب على كثير ممن لبس الثياب: أبي بكر محمد بن خلف بن المرزبان المحولي ت 309 ه، تحقيق: ركس سميث و محمد عبدالحليم، الناشر: دار الجمل، ط1، 2003م.
١٤. كنز اللسن المكنوز فيه ستة ألسن وإثنا عشر فنا، بتحقيق الشيخ محمد خال، من مطبوعات المجمع العلمي الكردي، بغداد، 1980م.
١٥. ملا محمد خاكي، الشيخ محمد الخال، مجلة المجمع العلمي الكردي، 9/6، 1978م.
١٦. مێژووی زانایانی کورد (تأريخ العلماء الكرد)، ملا طاهير ملا عبدالله البحركي، ط1، 2010م، مطبعة آراس، أربيل.
١٧. ماموستا شێخ محمدی خاڵ لە کۆمەڵە دیدارێکی ڕۆژنامەنوسیدا، د. ئاراس محمد صالح، چاپخانەی سەردەم، نۆبەی یەکەم، ٢٠١٥.
١٨. ناڵەی دەروون (٢ بەرگ)، شێخ محەمەدی خاڵ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی ١، هەولێر، ٢٠٠٧ز.

**الملخص باللغة العربية**

يلقي البحث الضوء على جانب علمي مهم للشيخ محمد خال، وهو اهتمامه بأحاديث النبي الكريم **صلى الله عليه وسلم** في كتاباته للاستشهاد أو تفسير آية قرآنية أو أغراض أخرى، مما يبدد شكوك البعض بعدم الاهتمام الكافي بالحديث النبوي مقارنة بالعلوم الأخرى من فقه وتفسير ولغة.